# بایۆگرافیای بێژەنی تەرەقی



بێژەنی تەرەقی

لەفارسییەوە: باران

-لە 3ی مارسی 1930 لە تاران لە دایکبووم.

-بنەماڵەی باوکم هەموویان ئەهلی کتێب و پسپۆڕ لە ناسینی کتێبی دەستنوس و بەرهەمی پێشینان بوون، باپیرەم، حاجی شێخ باقری کتێب فرۆش لە یەکەمین بڵاوکەرەوانی سەردەمی ناسرەدین شا بوو، کە کۆمەڵێك کتێبی زۆری لە ڕێگەی چاپی بەردینەوە بڵاوکردوەتەوە.

-باوکم (محەمەد عەلی تەرەقی) دامەزرێنەری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی خیام لە بەناوبانگترین و دیارترین بڵاوکەرەوانی چاخی خۆی بوو، کە من و براکەم (شاروخ تەرەقی) تا ئەم ساڵانەی دوایی ئەم دەزگایەمان بەڕێوە دەبرد.

-سەردەمانی خوێندنی قوتابخانەم لە ساڵی 1939 لە قوتابخانەی ئەقدەسیەی تاران لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دەستپێکرد، لە ساڵی 1941 لەگەڵ ئەوەی درێژەمدا بە خوێندنی خۆم، سەرگەرمی خوێندنەوەو کۆکردنەوەی فەرهەنگگەلێکی بێ شومار بووم، هەروەها کتێبخانە کە ناوەندی کۆبوونەوەی شاعیرانی ئەو سەردەمە، وەکو مامۆستا شەهریارو گوڵچین مەعانی و گروپێکی دیکە بوو، دەستمکرد بە خوێندنەوەی بابەتە ئەدەبییەکان و بوومە قوتابی لای ئەو مامۆستایانە.

-لە ساڵی 1945 بە هاندان و ڕێنمایی مامۆستا ئەمیری فەیروز کوهی دەستم بە خوێندنەوەی دیوانی سائیب تەورێزی کرد، کە تا ئەوکاتە لە ئێران چاپ نەکرابوو.

-لەساڵی 1946 شاعیریم بە چڕینی غەزەل و مەسنەوی دەستپێکرد.

لە ساڵی 1952 دیوانی (سائیب تەورێزی)م خستە بەر چاپ، کە ساڵانێك لە تەمەن و لاوییەتی خۆم لە پێناوی لێکۆڵینەوە لە ژیان و شیعرەکانی ئەو بە خەرجدا، پێشەکی کۆی دیوانی سائیب، لەلایەن مامۆستا ئەمیری فەیروز کوهی بووە مایەی هاندان و ئارەزووی من.

-لە ساڵی 1955 بەهۆی ئەو پەیوەندییەی کە بۆ شاعیرانی شێوازی هیندی هەمبوو، دیوانی (کەلیم کاشانی)م بە بەدەستکەوتنی خەتی نوسخ و بەراوردکردنی شیعرەکانی بە چاپگەیاند.

-لە ساڵی 1957 بە(پەرویز یاحەقی) مامۆستای ڤیولۆن و ئاوازدانەری بەناوبانگ ئاشنابووم و گۆرانییەکانی وەکو: مەی زەدە، گەڵای خەزان، ئەسیرم، تۆمارکرد.

-لەساڵی 1958 لەگەڵ کچە خاڵێکی خۆم (مەنیژە یەزدان مەنش) هاوسەگیریم ئەنجامدا.

-لەناوەڕاستی ساڵی 1958 لەگەڵ (مامۆستا عەلی تەجویدی) ئاوازدانەری بەناوبانگی رادیۆ گۆرانی: (ئاگری کاروان)م تۆمارکرد.

- لەساڵی 1959دا یەکەمین منالًم کە کوڕ بوو هاتە دنیاوە، ناوم لێنا (ئومێد) (ئومێد تەرەقی)

-لەساڵی 1961 دیوانی (عەلی اشتری – فەرهاد) کە یەکێك بوو لە هاوڕێ نزیکەکانم، چاپکرد.

-لە ساڵی 1963 دووەمین منالًم کە کچ بوو هاتە دنیاوە، ناوم لێنا ئارەزوو، (ئارەزوو تەرەقی).

-لەساڵی 1966 دیوانی موجەمەر ئیسفەهانی کە لە شاعیرانی سەردەمی قاجاریەو لە غەزەلسەرایانی سەردەمی پاشەکشەی ئەدەبی بوو بە چاپ گەیاند، بە هاوکاری و پێشەکی مامۆستا میحت تەبا تەبائی.

-لە ساڵی 1967 فەرهەنگی هاو واتای زمانی فارسی، کە دانانی (محەمەد پاشا)، کۆی فەرهەنگی ئیننداراج بوو سەدو پەنجا ساڵ پێشتر چاپکرابوو باوکی لە هیندستانەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی بە هاندانی خوالێخۆشبوو رەهی مەعیری کە زۆر حەزی لەم کتێبە بوو، چاپکرد.

-لە ساڵی 1968 سێیەمین منالًم کە ئەویش کچ بوو لە دایکبوو، ناوم لێنا

ئایده (ئایده تەرەقی).

-لە ساڵی 1971 كۆی شیعرەكانم كە بریتی بوون لە غەزەل، مەسنەوی، روباعی و ژمارەیەك گۆرانی بوو، بە چاپ گەیاند، ناوی ئەم كتێبەم بەهۆی گۆرانی (گەڵای خەزان)ەوە ناونا (سرودی گەڵارێزان)

-لە كۆتایی ساڵی 1971 سەرجەم دیوانی حەزین لاهیجی بە پاشكۆی (مێژووی حەزین)، كە ئەویش تا ئەوكاتە لە وڵاتی ئێمە چاپنەكرابوو، لەدوای ساڵانێكی زۆر كە بۆ ئامادەكردن و لێكۆڵینەوەی ئەو دیوانە تەرخانم كردبوو، بە چاپگەیاند، پێشەكی و شیكردنەوەی تەواوی ژیانی ئەم شاعیرە خۆم ئامادەمكردو پاشكۆشم بۆ دانا.

-لە ساڵی 1972 بە دواوە بە فەرمی بە كاری گۆرانی بێژییەوە سەرقاڵبووم، نزیكەی سێ سەد گۆرانیم لەسەر ئاوازی مۆسیقاژەن و ئاوازدانەرانم بەناوبانگی رادیۆ، تۆماركرد كە زۆربەی ئەو بەرهەمانە لە ئەرشیفی رادیۆ و بەرنامەی گوڵەكان پارێزراوە.

-ئەو ئاوازدانەرە ناودارو بەناوبانگانەی كە هاوكاریم لەگەڵدا كردوون، بریتین لە مامۆستایان: رۆح الله خالقی، مەجید وەفادار، پەرویز یاحەقی، عەلی تەجویدی، حەبیبواللە بەدیعی، موهەندیس هەمایۆن خورەم، كە نیوەی ژیانی شاعیرانەی من لە پاڵ ئەم ئازیزانە تێپەڕی.

-لە ساڵی1977. بە خێزانەوە بۆ خوێندنی منداڵەكانم چووین بۆ ئەمریكا، كوڕەكەم چوو بۆ زانكۆ و كچەكانم بۆ قوتابخانەی شەوانە رۆژی، پاش ماوەیەك من و هاوسەرەكەم سەردانی تاراغان كردەوە.

-لە ساڵی 1979_1980 دوو جاری دیكە، بەرێكەوتن لەگەڵ هاوسەرەكەم بۆ كاروباری منداڵەكانمان چووین بۆ ئەمریكا.

-لە ساڵی 1981 باوكم كە تەمەنێكی لە پێناوی بڵاوكردنەوەی رۆشنبیریدا بەسەر برد، كۆچی دواییكرد.

-لە ساڵی 1986 پێنج ساڵ دوای مردنی باوكم، دایكم كە كەمێك نەخۆش بوو، بە هۆی جەڵتەی دەماخەوە كۆچی دواییكرد. شەوێك هاتە خەوم، دیسانەوە نیگەرانی دۆخی ئێمە بوو، دڵی منی لە بەرامبەر ناخۆشییەكانی ژیان دایەوە.

-لە ساڵی 1987 كچەكەم (ئارەزوو) و (ئایدە) لە دوای تەواوكردنی خوێندن لەبەر تەنیابونی من و دایكیانەوە هاتنەوە بۆ تاران.

-لە ساڵی 1988 كچە گەورەكەم (ئارەزوو تەرەقی) هاوسەرگیری ئەنجامدا.

-لە ساڵی 1989 یەكەمین نەوەی كچەكەم هاتە دنیاوە، كە رەنگێكی تری بە ژیانی سۆزداریم بەخشی. ناوم لێنا (ئەمیر فەرەح)، وردە وردە دەستیكرد بە عەجولی.

-لە ساڵی 1991 كوڕەكەم لە ئەمریكا لەگەڵ كچێك بە ناوی (سەوسەن سەرحەدی) هاوڕێی زانكۆی هاوسەرگیری ئەنجامدا، كە لە دوای چەندین ساڵ بوونە خاوەنی كچێك بە ناوی (نگین) كە دووەمین نەوەی بابە بێژنە، ئەمەش چەند دێڕە شعیرێكە بۆ بووكی جوان و نەوەی نازەنینم ((نگین)) خان.

تازە بوكی گوڵی ئێمە (سەوسەن)ە

ئەوەی كە دڵ و گیانی ئومێدی منە

مانگ دابەزیوەتە سەر زەمین؟

یان لە ئەنگوستیلەكەی سەوسەن دایە نگین

-لەساڵی 1996 دا دەزگای چاپ و بڵاوكراوەی خیام لە دوای ئەو هەموو خزمەتە رۆشنبیرییە بەهۆی گرفتی زۆر و بێبایەخی خەڵك بە دەقە بایەخدارەكان، لە ئیش كەوت و لە چالاكی راوەستا.

-لە ساڵی 2001 دواهەمین منداڵم (ئایدە تەرەقی) چووە سەر ماڵ و حاڵی خۆی و ماڵی باوكی بەجێهێشت، تاكە یادگاری كە لەو رێورەسمەدا بۆ ئێمە جێما كارتی زەماوەندەكەیانە.